# ڕێکخراوە ناحکومییەکان

عبدالله عبدالله پوور sardasht_kurdistani@yahoo.com

دامەزرانی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە ئێراندا لە بنەڕەت دا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵەکانی ١٣٧٦، بە گۆڕانی کەشی سیاسی وڵات و گەڵاڵەی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێگا بۆ دروستبوونی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان خۆش بووە. هەر لەو ساڵانەدا ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان بە زوویی بەرفراوان بوون بە شێوەیەك کە ئێستا ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە شارۆچکەو هێندێك لە گوندەکانیشدا هەن.

**پێناسە**

ڕێکخراوە ناحکومی(NGO)کان داهێنانێکە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی نوێ لە پێشکەوتنی ژیان کە لە سەر بنەڕەتی پێویستی‌یەکان و بۆ چارەسەر کردنی پرسگەلی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی دروست بوون. ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان بە گروپەکان، دامەزراوەکان، بنیادەکان، کۆمپانیا بێ بەرامبەرەکان و یا هەر کەسایەتی‌یەکی حقووقی دیکە دەگوترێ کە بە هۆی ڕێ و شوێنی حقووقی ئەندامێك نیە لە بەشی حکوومەتی و چالاکیی بەرژەوەندی خوازانەیان نیە.

**گرینگترین ناسێنەرەکانی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان:**

١ـ ناحکومی‌یە

٢ـ قازانجی نیە، بە شێوەیەك کە لەو ڕێکخراوەدا قازانجێك بکرێ، ناتوانێ ئەو قازانجە لە ژێر ناوی قازانج دا دابەش بکرێ.

٣ـ سەربەخۆیە.

٤ـ ئەندامەکانی پاڵپشتی کاری ئەو ڕێکخراوەن کە بە خواستی خۆیان هاتوونەتە ناوی.

٥ـ تێکۆشانی ڕێکخراوەکە لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتی دایە.

٦ـ بە شێوەیەکی ڕەسمی دروست دەبێ

کاتێك حکوومەتەکان بیانهەوێ دامەزراوگەڵێك دروست بکەن کە لە باری حقووقی‌یەوە دامەزراوەکان نەبنە حکوومی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە ژێر کاریگەری و ئەمری بیاقی دەسەڵاتدان، نابنە بەشێك لەڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان.

**ئەرکی چەند لایەنەی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان**

ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان کاراکتەری جیاوازیان لە کۆمەڵگادا هەیە:

ـ بۆ چەسپاندنی ڕاستیی داواکارییەکانی خەڵك، زەخت دەخەنە سەر حکومەت.

ـ وەکوو کەرەسەی بەشداریکردنی خەڵك، بۆ بەڕێوەبردنی یاسا، هاوکاری حکوومەت دەکەن.

ـ بوار بۆ ڕەخسانی هەلی دێموکراسی و کەمکردنەوەی ئەرکی حکوومەت لە کۆمەڵگادا پێك دێنێ.

**کارکردەکانی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان**

ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان خاوەنی کارکردگەلێکی زۆرن کە لە ژێرەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

ـ ریکخستنی خەباتی مەدەنی بۆ مافی داواکردنی مافەکانی هاووڵاتی بوون.

ــ فشار هێنان بۆ حکومەت بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی گروپگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی

ــ بوار ڕەخساندن بۆ پێگەیشتنی کولتووری دێموکراتیك و کولتووری بەشداریکردن

ــ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا

ــ هاوکاریکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەرکە قورسەکانی وڵات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێ سەرەوبەرەیی و نەهێشتنی دەست کورتی و .....

ــ کەڵك وەرگرتن لە پرۆژەکان و بیرو بۆچوونی کارناسانە بە بێ سەرفکردنی خەرج و بودجە

ـ کەڵك وەرگرتنی بێ خەرج لە هێزە حکوومی و فیزیکی‌یەکانی خەڵك بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات.

**ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە ئێراندا**

هەر وەك ئاماژە کرا دروست بوونی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە ئێراندا



دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵەکانی ١٣٧٦، ئامارەکان ئاماژە بە هەبوونی ٢٥٠٠ ڕێکخراوی ناحکوومی لە ئێراندا دەکەن. دەتوانین بڵێین کە ٨٥٪ ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە دوای ساڵی ١٣٧٦ دروست بوون. وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بە ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکانی پارێزەری سروشت بکەین. ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە لە ساڵەکانی ١٣٧٧ تا ١٣٨٠ لە ٣٠ ڕێکخراو بۆ ٢٠٠ ڕێکخراو چۆتە سەرێ. بەو پێیەش ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان لە ئێراندا بە بەراوردکردنی دەگەڵ ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە لە ئاستی جیهاندا زۆر لە

خوارێیە. ژمارەی رێکخراوە ناحکوومیەکان لە ئاستی جیهاندا گەیشتۆتە ٣ ملیۆن. واتە بۆ هەر ٢٠٠٠ کەس رێکخراوێکی ناحکووی هەیە.(ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٦ ملیارد کەس لە بەر چاو گیراوە) ئەوە لە کاتێک دایە کە لە ئێراندا بۆ هەر ٢٥ هەزار کەس رێکخراوێکی ناحکوومی هەیە.

بیاڤگەلی چالاکیی رێکخراوە ناحکوومیەکان

رێکخراوە ناحکوومیەکان زۆرتر بوارگەلی سروشت پارێزی، لاوان، منداڵان، ژنان، خێرخوازی، هاریکاری و تەندروستی، مافوکانی مرۆڤ و کێشە کۆمەلایەتیەکان دەگرێتەوە.

**بارودۆخی ئێستای رێکخراوە ناحکومیەکان**

ــ ژمارەیەك لە رێکخراوە ناحکومیەکان لە قۆناغی دامەزراندن دان.

ــ ژمارەیەك لە قۆناغی گەشەکردنی خێرا دان.

ــ ژمارەیەکی سەرنج راکێشیش تووشی دارمان و ونبوونی خێرای رێکخراوەیی بوون.

**جۆری رێکخراوە ناحکومیەکان**

ــ سێ گروپ لە ئێراندا لە شێوەی رێکخراوی ناحکومی چالاکیان هەیە:

**گروپی یەکەم: دامەزراوە هاریکاری بەخشەکان (خێرخوازانە)**

ئەو گروپە ریشەیان لە شێوەی پێکهاتەی مەزهەبی و نەریتی وڵاتدایە، لەو گروپە دا مرۆڤگەلێك کە خێرخوازن، چالاکیان هەیە کە بۆ ئامانجی خێرخوازانە و هاریکاری کردنی منداڵە بێ کەسەکان، ژنانی بەرێوەبەری بنەماڵەو... دروست بوون.

**گروپی دووهەم: رێکخراوە ناحکومیە زەردەکان**

ئەو گروپە زۆرتر لە لایەن بەرێوەبەران، خێزانی بەرپێوەبەران، دۆستان و کەس و کارەکانیان لە ساڵی ٧٦ بەو لاوە دروست بوون، ئەو گروپە کەڵك لە بەخششەکانی بودجەی حکوومی وەردەگرن. دروست بوونی ئەو گروپە لە رێکخراوەکان بۆتە میکانیزمێك کە بودجەکانی حکومەت دێنە ناو ئەو بیاڤە و بوار بۆ رووتاندنەوەی ئەو کەسانە (لە پول) دەرەخسێنن. حکوومەت ئەو گروپانە وەك ئەو رێکخراوە ناحکومیانە کە چاودێرییان بە سەر دانانی سیاسەتی حکومەتاندا هەیە، کە راپۆرت دەدەنە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، دەناسێنێ. ئەو گروپە زۆرتر بە شێوەی وەفدی چاکەکەران و بڕوا پێکراوان بەرێوە دەبرێن، چاوەدێرییان نیە و ئەرکی وان نیە کە روونکردنەوەی زیاتر لە سەر کاروباری ماڵی و راپۆرتداندا بدەن، ئەوان حەزیان لە ئەندامگیریەك نیە کە هەموو کەس بگرێتەوە.

**گروپی سێهەم: رێکخراوە ناحکوومیە راستەقینەکان:**

ئەو گروپە، رێکخراوە ناحکومیە راستەقینەکانن و لە ناو کۆمەڵگا دا هاتوونەتە دەرێ، ناحکومی و سەربەخۆن. ئەو گروپە هەوڵدەدەن کە لە شوێنی مافی ئەندامیەتیی ئەندامەکان و هاریکارییەکانی خەڵك (لەشێوەی پێکهێنانی پێشانگاکان، کۆنسێرتەکان، بازارگەو...) بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان پاشکەوت بکەن، ئەو گروپە هەوڵ دەدەن پرنسیپی دیموکراتیك (کەڵك وەرگرتن لە هزری و بیری کۆمەڵ، پەسەندکردنی رەخنەو...) لە بەرچاو بگرن. ئەوان ئازادیی هەڵبژاردنیان هەیە. چاودێر هەڵبژێردراوی گشتیە، راپۆرتی ماڵی بە روونی پێشکەش دەکات و

دەرگاکان ئاواڵەن بۆ ئەو کەسانەی کە سەردان دەکەن. ئەو گروپە لە بەرەوپێش چوون و گەورەیی دایە، جار دەگەڵ جارێ روونی زۆرتر لە کردەوەکانیاندا بە دی دەکرێ و دەچنە پێشەوە. لەو دامەزراوانەدا خاوەن هزرو بیر و بۆچوونی جیاواز لە لای یەکتری دەبن و بە یەکەوە ئامانجگەلی هاوبەش دەگرنە بەر.

**دابەشکردنی رێکخراوە ناحکوومیەکان:**

ـ لاوان، ژنان، ژینگە پارێزان و بواری خێرخوازانە زۆرترین رێکخراوی ناحکوومیان پێکدێنن. ئامارەکان پێشان دەدەن کە ١١٠٠ رێکخراوی ناحکوومی هەیە، ژینگە پارێزان نزیك بە ٢٠٠ رێکخراو و ژنان نزیك بە ٣٣٠ رێکخراویان هەیە، رێکخراوە ناحکومیەکانی ژنان لە بواری خێرخوازی، ژینگە پارێزی، نەهێشتنی فەقیری، دابین کردنی ئیمکانات بۆ ئەو ژنانەی کە دەرسیان تەواو کردووە، وەرزشی ژنان، رێکخستنی بنەماڵە، جووتیاری ژنان، پەیوەندی نێودەوڵەتی، منداڵ و تازە لاوان، پەروەردەو لێکۆڵینەوەی مافەکانی ژنان، تەندروستی دەرونی و جسمی، کەمایەتیە دینیەکان، بڵاوکراوەکان، پێشکەوتنی بەردەوام، پشتیوانی کردن لە کرێکارانی ژن، گۆڕینەوەی بیرو بۆچوون، ژن، بنەماڵە، کلوپەکانی کچانی لادێ و... چالاکی دەکەن.

**کاناڵی رێکخراوە ناحکوومیەکان:**

چەندایەتی و چۆنایەتیی پێشکەوتنی رێکخراوە ناحکوومیەکان، پەیوەندی هەیە بە ئامانج و رێو شوێنیان. لەو پەیوەندیەدا بابەتی کاناڵ و کاناڵ دروست کردن لە رێکخراوە ناحکومیەکاندا دخرێتە بەر باس.

ئەوەڵین کاناڵی رێکخراوە ناحکومیەکانی ژنان لە ساڵی ١٣٧٤ لە پەیوەندی دەگەڵ کۆنفرانسی پیکەن دروست بوو. دووهەمین کاناڵ لە لایەن رێکخراوە ناحکومیەکانی ژینگە پارێز لە ساڵی ١٣٧٨ پێك هات. سێهەمین کاناڵ لە ساڵی ١٣٨١ لە لایەن رێکخراوە ناحکومیەکانی لاوان هاتە ئاراوە و زۆربەی زۆری کاناڵی رێکخراوی میللی رێکخراوە ناحکومیەکانی لاوان دروست بوو کە زیاتر لە ١٠٠٠ رێکخراوی ناحکوومی لاوان لە خۆی دا جێ دەگرێ و زۆربەی زۆری کاناڵی رێکخراوە ناحکومیەکان دگرێتەوە. پێشتر کاری ئەو کاناڵە بە شێوەی کاری نیوەحکوومی بەڕێوە دەچوو. لە راستی



دا ڕێکخراوی میللی لاوان چاوەدێری بە سەر چالاکیەکان دا دەکرد و بە نیسبەت ئالوگۆڕی ئایین نامەکان مافی دەنگدانی هەبوو، بەڵام لە بانەمەڕی ئەو ساڵدا لە یاسای کاناڵدا ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی هاتە کایەوە و بەرنامەو پێڕەوەکەی وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ داڕێژرا.

**ڕادەی کاریگەریی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان:**

ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە پەیوندی دەگەڵ کارەکانیاندا کاریگەریی پۆزەتیڤیان هەبووە، بەڵام تا ئێستاش نەیانتوانیوە شوێنێکی تایبەت لە چاپەمەنیەکانی وڵات دا بۆ خۆیان بکەنەوە و ئێستاش نەبوونەتە بزوتنەوەیەك کە دەنگیان لە حکوومەت و پەرلەماندا ڕەنگدانەوەی هەبێ. دەبوو لە بنەڕەت دا ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە بڕیار دەرکردن و بڕیاردان، چاوەدێری و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و بەرنامەکان لە پەیوەندی دەگەڵ حکوومەت دا بەشدارییان هەبێت، بەڵام ئەوان ئەو بارودۆخەیان نیە، بە تایبەت ئەوە کە کاربەدەستانی وڵات یان ئەو دیاردەیە ناناسن یا گرینگییەکی وای پێنادەن.

**کۆسپەکانی بەردەم ڕێکخراوە ناحکوومیەکان:**

ڕوانینی سیاسی ـ ئاسایشی حکوومەت بە نیسبەت ڕێکخراوە ناحکومیەکان گرینگترین و سەر سەخترین بەربەستە لە هەمبەر ڕێکخراوە ناحکومیەکان. بۆ نموونە حکوومەت هەرگیز بە نیسبەت ڕێکخستنی گروپگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و دامەزراوە سەربەخۆ کۆمەڵایەتیەکان کە بەشێك لە دەسەڵاتیان لە دەست دایە، بۆچوونێکی پۆزەتیڤی نەبووە. حکوومەت یان ئەو دامەزراوانەی سەرکوت کردووە یان دامەزراوەی زەردو سەر بە خۆی(حکوومەت) دامەزراندووە. کاربەدەستانی حکوومەت لە ڕوانگەیەکی سیاسی ـ ئاسایشیەوە چاو لە دامەزراوەگەلی وەك سەندیکاکان، یەکیەتیە سینفیەکان و تەنانەت کۆمپانیا هەرەوەزیەکانیش دەکەن، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کۆمپانیای ڕاو کردنی ماسی کە ٤٠ ساڵ لە مەوبەر لە باکووری وڵات (ئێران) دروست بوو، هەر لەو کاتەوە وا باو بووە کە ئەندامانی ئاسایشی ئەو شوێنە دەبێ زانیاری وەرگرن لەو کەسانەی کە دەیانهەوێ ببنە ئەندام لە شاندی بەڕێوەبەری دا. ئێستاش بە پێی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی شاندی بەڕێوەبەری یەکیەتیە سینفیەکان، لێهاتوویی بە ئەندام بوون لە شاندی بەڕێوەبەری و چاوەدێری دا دەبێ لە لایەن شاندێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی کار، وڵات و بازرگانی پەسەند بکرێ، یانی ئەندامانی شاندی بەڕێوەبەری دامەزراوێکی سەربەخۆ دەبێ لێهاتوویی‌یەکەیان لە لایەن حکوومەتەوە پەسەند بکرێ، ئەو فەرمانە تەنانەت خێرخوازەکان کە باوترین و نەریتی ترین دامەزراوەی مەدەنین، دەکرێتەوە. ڕێکخراوی ژیانێکی باشتر "بهزیستی" کە یەکێکە لەوانەی بەردەوام پەیوەندی بە بواری نوسینگەی خێرخوازانەوە هەیە، بەرنامەو پێڕەوێکی کە دەیدا بە داواکارانی دروست کردنی ئەو شێوە دامەزراوانە، هێندە توندی دەگرن کە بە هیچ شێوەیەك بۆ پاساو هێنانەوە نابێت. ڕێکخراوی ژیانێکی باشتر وەکوو بەشێك لە حکوومەت دەست وەردەداتە بەرنامەو پێڕەوی نوسینگەکانی خێرخوازو تەنانەت هێندە لە بواری کارو

ئاسایشەوە هەڵیاندەپەسێرێ کە لە راستی دا هەلی هیچ چالاکی‌یەکیان بۆ ناهێڵێتەوە.

**نەبوونی چاودێری یاسا بە سەر چالاکی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان:**

نەبوونی چاودێریی یاسا بە سەر چالاکی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دا کۆسپێکی سەرەکی ئەو دامەزراوانەیە. تاکوو ئێستاش یاسایەك لە سەر چالاکیی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە لایەن پارڵەمانی ئێرانەوە پەسەند نەکراوە. مەکتەبی موتالاّ کردن و لێکۆڵینەوەی سیاسیی وڵات چەند ساڵ لە مەوبەر پێشنوسێکی ئامادە کرد کە لە رۆژنامەکان دا چاپ بوو، هەر لەو کاتەدا ناوەندی لێکۆڵینەوەو بە دواداگەڕانی شۆڕا بە پرسکردن و بیرو راگۆڕینەوە دەگەڵ هێندێك رێکخراوی ناحکوومی و مافناسان هەنگاویان نا بۆ نووسینی ئەو پێشنووسە لەو بوارەدا، بەڵام ئەو هەنگاوانە نەگەیشتنە ئاکامێکی دیاریکراو، پێشنووسی وەزارەتی وڵات گەرچی لە هێندێك بورادا رێگا خۆشکەر بوو بۆ رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان بەڵام کەموکورتی سەرەکی هەبوو، بۆ نموونە پرسی چاوەدێری حکوومەت بە سەر چالاکیی رێکخراوە ناحکومی‌یەکان. تا ئێستا تەنیا لە سەر ئەساسی راگەیاندراوێك کە لە لایەن شۆڕای بەرزی ئیداری لە رەشەممەی ساڵی ١٣٧٨ دەرچووە، هەڵسوکەوت دەگەڵ رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان دەکرێ.

**پرسگەلی ماڵی:**

دابینکردنی پێداویستیی ماڵی یەکێکە لە کۆسپەکانی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان. لە زۆربەی وڵاتاندا، رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان لە دانی ماڵیات چاوپۆشیان لێ کراوە و لە هێندێك وڵات وەکوو ئاڵمان، کەسایەتی‌یەکان و دامەزراوەکان دەتوانن بەشێك لە باجەکانیان بدەن بە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان. بەڵام لە ئێراندا بارودۆخەکە بە شێوەیەکە کە رێکخراوە ناحکومی‌یەکان ناچارن لە سەر داهاتی خۆیان باج بدەن، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەو ٤٢ ملیۆنەی کە بەرەی سەوز بابەتی حەقی ئەندامەتی وەری دەگرێ، داوای ١٠ ملیۆن ریاڵی لێدەکات. گەرچی حکوومەت بودجەیەکی بۆ هاریکاری رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان تەرخان کردووەو داویەتی بە هێندێك لە وەزارەتخانەکان، بەڵام هەر وەکوو وتمان ئەو هاریکارییانە، دەدرێ بە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان یان دەدرێ بە خزمەت کردن بە وابەستە کردنی دامەزراوەکان بە حکومەت.

**کەڵك وەرگرتن لە هاریکاری‌یە نەتەوەیی و خاریجییەکان:**

کۆسپێکی دیکەی بەردەمی رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان نەتوانینی کەڵك وەرگرتن لە هاریکاری‌یە بان نەتەوەیی و خاریجییەکانە. لە کاتێك دا کە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی هیند و پاکستان بە باشترین شێوە کەڵك لە سەنگی نێونەتەوەیی و خاریجی وەردەگرن رێکخراوە ناحکومی‌یەکانی ئێران غیرەتی نزیك کەوتنەوە لە بابەتەکەشیان نییە. ئەوڕۆکە رێکخراوە ناحکوومی‌یەکان وەك بەڕێوەبەرانی سەرمایەو پیشەسازی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند بۆ ناو وڵاتانی لە حاڵە گەشەدا کار دەکەن. ئەو رێکخراوانە بە هۆی هەبوونی ئیمکاناتی پەیوەندی گرتن و لایەنگری بەهێز لە حکوومەتە پێشکەوتووەکان، ئەرکێکی باشیان لە فراوان کردنی هاریکاری‌یە دەرەکی‌یەکاندا بۆ وڵاتانی لە حاڵە گەشەدا هەیە. بە شێوەیەك کە هەر ئێستا نیوەی هاریکارییە دەرەکییەکانی حکومەتە دەوڵەمەندەکان

لە لایەن رێکخراوە ناحکوومییەکانەوە دەنێردرێت بۆ وڵاتانی لە حاڵە گەشەدا.

**گیرو گرفتە ناوخۆییەکان:**

رێکخراوە ناحکوومیەکان رووبەڕووی گیروگرفتێکی زۆرن کە لە ژێرەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

ـ نەبوونی ئامانجێکی دیاریکراو، زۆربەی رێکخراوە ناحکوومیەکان لە دوای ماوەیەك چالاکی، وردە وردە لە ئامانجە دیاریکراوەکانی ناو بەرنامەو




پێڕەوەکەیاندا دوور دەکەونەوەو روو دەکەنە بیاڤگەلێکی دیکە بۆ کار.

ـ نەبوونی بەرنامەو رێگاچارەیەکی مۆدێرن، هێندێك جار رێکخراوە ناحکوومیەکان بەشێوەیەکی پیشەییانە کار ناکەن. مەبەست لە کار کردنی پیشەیی هەبوونی پەیوەندیی رەسمی لە نێو کەسایەتیەکاندایە لە کاتی کار کردندا، بەرێوەبردنی هەموو کارەکان و بەڵێنیەکانە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دا.

**رێکخراوە ناحکومیە نێو نەتەوەییەکان:**

رێکخراوە ناحکومیەکان لە ئاستی نێوەونەتەوەیی دا ئەرکێکی بەرچاویان لە نوسینی هێندێك پەیمانی وەك "پەیمانی قەدەغە کردنی ئازاردان و سووکایەتی پێکردن و پەیماننامەی منداڵ" دا هەبووە. ئەوان بە پێشکەش کردنی پێشنووسی پەیماننامە، پرۆژەی چارەسەر کردن، بەشداری کردن لە وتووێژ و بەرەو پێش بردنی باسەکان شان بە شانی نوێنەری حکوومەتەکان، زەخت هێنانە سەر نوێنەری حکوومەتەکان بۆ لە بەر چاوگرتنی مافە تاکە کەسییەکان و لە ئاکام دا کەڵك وەرگرتن لە برەوی خۆیان بۆ چوونە ناو پەیماننامەکان و بەرێوەبردنی وردی ناوەرۆکەکانی، لە پێڕەوانی بە هێز کردنی کەرەستە حقوقییە نێونەتەوەییەکانن. لە سێ دەیەی رابردوو دا بڵاو بوونەوەی رێکخراوە ناحکوومیەکان بەرەو پێش کەوتنێکی بێ وێنەیان بە خۆوە دیوە. بۆ نموونە لە پاریس دا زیاتر لە ١١٠٠، لە برۆسکێل نزیك بە ١٠٠٠، لە لەندەن نزیك بە ٩٠٠، لە نیویۆرك نزیك بە ٧٠٠، لە رۆم نزیك بە ٥٠٠، لە ژێنێڤ نزیك بە ٤٠٠، لە کۆپنهاك نزیك بە ٢٠٠ رێکخراوی نێونەتەوەیی (جیا لە رێکخراوە ناحکوومییە ناوخۆییەکان)

چالاكیيان هەيە. چاوەڕوان دەكرێ لە نیوەی دوهەمی ٩٠ی زاینی دا ژمارەی ڕێكخراوە ناحكوومییەكان گەیشتبێتە ٢٦٠٠٠ ڕێكخراو.

دەتوانین بڵێین بارودۆخی سیاسی جیهانییش باندۆرگەلێكی جیددی لە ڕێكخراوە ناحكوومییەكان وەرگرتوە. لە دەیەكانی رابردوو دا سیاسەتە جیهانییەكان تەنیا لە لایەن حكوومەتەكانەوە دادەڕێژران. بەڵام ئەوڕۆكە ئەو پاوانكردنە لە لایەن ڕێكخراوە ناحكوومییەكانەوە شكاوەو وەك ئەكتەری تازە هاتوونەتە ناو سەنگی دەسەڵات لە ئاستی نێونەتەوەیی دا. هێندێك لەو ڕێكخراوانە كانگایەكی گرنگی ماڵی و شێوازێكی بەڕێوەبەری هاوقەبارەی یەك شیركەتی چەند نەتەوەیی و لە قاودانی هەواڵەكانی لە ئاستی حكوومەتەكان لە بەردەست دایە. بۆ نموونە: ژمارەی ئەندامانی سندووقی جیهانی سروشت بە نیسبەت سەرەتای نیوەی دووهەمی دەیەی ٨٠ی زاینی تاكوو ئێستا بۆتە ٥ ملیۆن نەفەرو دوو بەرابەر بووە. ئەو ڕێكخراوە ٣٣٠٠ ئەندامی هەیە و بودجەی ساڵانەكەی زیاتر لە ٣٥٠ ملیۆن دۆلار دەبێ. ڕێكخراوی (صلح سبز) ئاشتی نزیك بە ٣ ملیۆن ئەندام و ١١٤٠ فەرمانبەری هەیە. ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ١ ملیۆن ئەندامی لە ١٦٢ وڵاتی جیهاندا هەیە. ڕێكخراوی دۆستانی زەوی (دوستان زمین) ١ ملیۆن ئەندامی لە ٥٨ وڵاتی جیهاندا هەیە.

**بۆ زانیاری زیاتر لە سەر باندۆری ڕێكخراوە ناحكوومییەكان ئاماژە بە هێندێك خاڵ دەكرێ:**

ـ بانكی جیهانییان ناچار كرد كە چاو بە سیاسەتەكانی خۆی بە نیسبەت وڵاتانی لە حاڵە گەشەدا بخشێنێتەوە.

ـ هاریكارییان كرد تاكوو پۆستی كۆمیسارییای بەرزی مافەكانی مرۆڤ لە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دامەزرێ.

ـ لە ساڵی ١٩٩٩ هێندێك لە وڵاتانی پوڵدار بۆ نموونە بریتانیایان ناچار كرد تاكوو قەرزەكانی خۆی بە ٤١ وڵاتی دنیا ببەخشێ.